دەرگەی پێنجەم:

بارودۆخی جیهان

بانگەوازی ئیسلامی و بنچینە فیکریەکانی- فتوحات

بەشی یەکەم:

بانگەوازی ئیسلامی و بنچینە فکریەکانی

باسی یەکەم:

تێڕوانینێك بۆ بارودۆخی جیهان پێش فەتحی ئیسلامی

مرۆڤەکان لە کاتی فتوحاتی ئیسلامیدا دابەشبوون بەسەر جیهاندا بە تایبەتی لە هەر سێ کیشوەرەکانی ئاسیاو ئەروپاو ئەفریقا، ئەوانەش لە ڕەگەزی جیاجیابوون، بۆ نموونە: عەرەب لە نیوەدوورگەی عەرەبو عێراقو شام دەژیان، هیندیەکانیش لە نیوەدوورگەی هیندی، ڕەگەزی زەردیش لە چینو ژاپۆنو باشووری ڕۆژهەڵاتی ئاسیا، ڕۆمەکانیش لە ئاسیای بچووك (تورکیای ئەمڕۆ)و وڵاتی شامو میصرو باکووری ئەفریقاو ئەنگلوکسۆن لە ئینگلتەرا، فەرەنگەکانیش لە فەڕەنساو هۆڵەنداو ئەڵمانیاو غوتەکانیش لە ئیسپانیاو ئیتالیا، ڕەشپێستو حەبەشەیەکان لە وڵاتی ناسراوی خۆیان لە ئەفریقا.

زلهێزەکانی ئەو سەردەمە بریتی بوون لە فارسو ڕۆمەکان کە دەسەڵاتی تەواویان هەبوو بە سەر جیهاندا، ڕووبەرێکی فراوانیان بە دەستەوە بوو، گەلانێکی زۆریشیان حوکم دەکرد کە دەسەڵاتیان دەگەیشتە لایان، فورسەکان لەسەر ئاینێکی ڕاست نەبوون، بەڵکو مەجووس بوونو ئاگریان دەپەرست، ڕۆمەکانیش گاور بوون، بەڵام پارێزگارییان نەکرد لە ڕێنمایەکانی عیسا (علیه السلام) و دەستکاریشیان کرد، بۆیە ئەو دوو زلهێزەی جیهان لە ئەو سەردەمەدا توانای ئاڕاستەکردنی مرۆڤایەتیان نەبوو بەرەو یەکتاپەرستیو دادگەری و چاکە، ئەودوای گەلانیش لە چین و ژاپۆن و هیندستان و تیبت باوەڕیان بە ئاینی (بوذي) بوو، کە ئاینێکی بتپەرستیە هێما دەکات بۆ خوداکانیان بە بتگەلێکی زۆرو پەرستگایان بۆ دروست دەکەنو باوەڕیان هەیە بە دوای یەکدا هاتنی گیانەکان لە لاشەی مرۆڤەکاندا.

سەبارەت بە گەلانی ئەوروپاش لە بتپەرستی بەربەری بوونو هێزەکانی سروشتیان دەپەرست، لە جیهانی ئەو سەردەمەشدا کەمایەتیەکی جوولەکەی پەرشو بڵاو دەژیان لە نێوان وڵاتی شامو عێراقو حیجازداو رێنمایەکانی موساشیان (علیه السلام) دەستکاری کردبوو، هەندێ راوبۆچوونی تێکەڵ بوو لەلایەن زاناکانیانەوە دەیاندایە پاڵ خوا، جاخوایان کردبوویە خوایەکی نیشتمانپەروەری تایبەت بە جولەکەکان، ئینجا داستانێکی زۆریان لەسەر زاری پێغەمبەرەکانیان هەڵبەستبوو بە شێوەیەك کە ناشیرینی کردبوون، هەروەها مامەڵەیان بە سوو بۆ خۆیان بە رەوا دەزانی لەگەڵ گەلان و تەڵەکەیان لێدەکردنو ئەو شتانەشیان لە نێوخۆیاندا بە قەدەغە دەزانی، بانگی خەڵکی تریشیان نەدەکرد بۆ ئاینەکەیان بۆ ئەوەی ـ لە خەیاڵی خۆیاندا ـ ئەو کەسانە شەرەفمەند نەبن بە خۆخستنە ناو گەلی هەڵبژاردەی خوا، رێنمایەکانی موسا (علیه السلام) پێش دەستکاریکردنی دانی بەو گیانە رەگەزپەرستانەدا نەدەنا، نە بە جیاوازی رەوشتیشدا لە نێوان ئەم و ئەو، دوای ئەم پوختەیە دەمانەوێت بڵێین جیهانی ئەو رۆژەگارە پێویستی هەبوو بە پەیامگەلێکی ئاینی نوێ و بێگەردی یەکتاپەرستی بگێڕێتەوەو گرنگی بداتە ئاکاری جوان، جارێکی تر دەستی مرۆڤیش بگرێت بەرەو راستیو چاکەو دادگەری، دوای ئەوەی کە هاوبەش بۆ خوابڕیاردانو ستەمو خراپە زاڵبوون بۆ ماوەیەکی زۆرو خەڵکی لە پەیامی پێغەمبەران لایاندا.

خوای باڵادەستیش ئەرکی هەڵگرتنی پەیامی کۆتای بە موحەممەد ﷺ نارد، خستیە ئەستۆی عەرەبی دانیشتوانانی نیوەدوورگەی عەرەبەوە، ئەوان لاوازو تێکشکاو بوون، خوای گەورە بەهێزی کردن، هەژارو دەستکورت بوون، خوای مەزن دەوڵەمەندی کردن، هۆزگەلێکی پەرتەوازە بوون، خوای گەورە یەکیخستن، خەڵکێکی لە بیرچووی کەس باسنەکردوو، دونیا هەمووی ناسینی دوای هەڵگرتنیان بۆ پەیامی ئیسلام، ئەمجا پێشکەشیان کرد بە نەتەوەکانی ترو خەڵکانێکی زۆریش بە دەمیانەوە هاتنو یارمەتیان دان بۆ بڵاوکردنەوەی تاکو ئیسلام گەیشتە وڵاتی فارسو تورکو هیندستانو دەوروبەری چین لە رۆژهەڵاتەوە، تاوەکو ئەو وڵاتانەی لە ژێر دەستی رۆمەکاندا بوون لە باکوروی ئەفریقا، بەڵکو گەیشتە ئەندەلوسو باشووری فەرەنساو ئیتاڵیا، بەم شێوەیەش رووناکی ئیسلام زۆربەی سەرزەمینی گرتەوەو ئەو دوو زلهێزەشی لابرد، فارسەکانی لە ناوبردو رۆمەکانی لاواز کرد لە سەدەی یەکەمی کۆچیدا.

ئێستاش کاتی ئەوە هاتووە کە هەڵسین بە نمایشکردنی بارودۆخی ئابووریو کۆمەڵایەتی، ئاینیو ڕەوشتی کە زاڵبوو بەسەر وڵاتانی فارسو ڕۆم، دوابەدوای ئەوەیش هەمان ئەو بارودۆخانە لە نیوەدوورگەی عەرەب باسدەکەین، بۆ ئەوەی ئاشنابین بە ئەو ڕۆژگارەی ئیسلام تیایدا سەریهەڵدا، دواتریش بۆمان روون بێتەوە کە ئاینی ئیسلام چەند گۆڕانکاری لەو بارودۆخەدا دروست کردووە.

دەوڵەتی فارسەکان

بارودۆخی رامیاریو ئابووری:

دەوڵەتی ساسانی فەرمانڕەوای وڵاتی ئێرانی دەکرد لە سەدەی حەوتەمی زاینیدا، فارسەکان ئەو ئیمپراتۆریەتەیان پێکدەهێنا، هەروەها تورکەکان وڵاتی (ماوراء النهر)یشی ملکەچ کردبوو، لەگەڵ عەرەبی عێراقدا، سنوورەکانی رۆژئاوایشی جێگیر نەبوو، چونکە جاری وابوو زاڵدەبووە سەر وڵاتی شامدا وەکو ئەوەی روویدا لە ساڵی (٦١٤ز) کاتێك وڵاتی شامی راماڵی و دەستی گرتە سەر (بیت المقدس)و میصر لە ساڵی (٦١٦ز)،[1] بەڵام هیرەقل کە ئیمبراتۆری رۆمەکان بوو جارێکی تر وڵاتەکەی ڕێکخستەوەو سوپاکانی ئامادەکردو فارسەکانی بەزاند لە ئاسیای بچووك ساڵی (٦٢٢ز)، دواتر سوریاو میصریشی لێسەندنەوە لە ساڵی (٦٢٥ز)، دوای ئەوە بە سەختی شکاندنی لە ساڵی (٦٢٧ز) (٦ك) لە نزیك وێرانەی نەینەوا، ئەوەیش بووە مایەی دروستبوونی شۆڕشی پایتەخت (مەدائین) دژ بە کیسرای دووەم، بەڵام شێرەوەی کە جێنشینی بوو ڕێکەوت لەگەڵ هیرەقلدا، بەڵام بارودۆخی دەوڵەتی فارسی لە پاش ئەوە ئارامی بە خۆیەوە نەبینی، چونکە شۆڕشو کودەتای ناوخۆی هەرگیز کۆتای پێنەدەهات، تەنانەت لە نۆ ساڵی دوای ئەوە نۆ فەرمانڕەوا هاتنە سەر تەختی فارس، بێگومان ئەوەش هۆکارێك بوو بۆ پارچە پارچەبوونی ئەو دەوڵەتە، هەروەها بووە گۆڕەپانێك بۆ بشێوی ناوخۆی، تا ئەو کاتەی عەرەبە موسڵمانەکان هاتنە سەریان لە بزووتنەوەی فەتحدا.[2]

ئەمە دەربارەی رووداوە سیاسیو سەربازیەکان کە بە سەر وڵاتی فارسدا تێپەڕبوو، بەڵام سەبارەت بە سیستمی حوکمڕانی، ئەوە کیسرایەکی رەها بوو، پادشا لە سەرەوەی هەموانەوە بوو، نازناوی

---

١) د. سعيد عبدالفتاح عاشور: أوربا العصور الوسطي ١: ١٢٤.

٢) تويـنبـي: مختصر دراسة التاريخ ١: ٢٦٤.

کیسرا بوو، دەسەڵاتەکانی بێسنووربوو، جارجارەش بە خاسیەتی خوایەتی وەسف دەکرا، بۆ نموونە: کیسرای ئەبەروێز وەسفی خۆی دەکرد بە "پیاوی نەمر لە نێوان خواکاندا و خوای مەزن لە نێو پیاواندا".[1] دیارە ئەوەش ئاماژە دەکات بۆ بڕێکی زۆر لە خۆبایبوون و خۆبەزلزانین، ئەمە لە کاتێکدایە کە مێژوونووسەکان وەسفیان کردوە و بە "الملك الحقود المرائي الجشع الرعديد"[2]، واتە: پادشای کینە لەدڵی ریاکاری چلێسی ترسنۆك، هەروەها ئەوەیان روونکردووەتەوە کە گرنگی زۆری داوە بە کۆکردنەوەی تەپەلۆکەی ئاڵتوونو زیوو زێڕ کە خەزێنەکانی لێ پڕکردبوو لە ڕێگەی ستەمکردن لە گەلەکەی لە ڕێگەی قۆستنەوەی هەژاری و بەدبەختی ئەوان،[3] ئینجا پەناشی دەبردە بەر قەشەو جادووباز بۆ راوێژپێکردنیان بە مەبەستی وەرگرتنی بڕیارە گرنگەکان.[4]

سەبارەت بە لایەنی ئابووریش، سامانو سەرچاوەکانیان بۆ خۆیان قۆرخ دەکردو لە نێو خۆشیەکانی دونیادا نغرۆ دەبوون، قازانجەکانیشیان هەر پەرەپێدەدا لە ڕێگەی سووی لە رادەبەدەر و گومرگو باجی قورس، کە دەیانسەپاندە سەر لاوازان لە جووتیارانو ڕەشو ڕووتی خەڵك، هێندەیتر هەژاریو بەدبەختیان زیاد دەکردن، ئینجا قەدەغەیان کردبوو لەسەر خەڵکی کە هەڵسن بە ئەنجامدانی هیچ پیشەیەك جگە لەوەی پێشتر باوکیان ئەنجامیانداوە، خەڵکی شارەکانیش هەروەکو جووتیارەکان سەرانەیان دەداو سەرقاڵی بازرگانیو هەندێ پیشەی تر بوون، حاڵیشیان لە جوتیارەکان چاکتر بوو، چونکە ئەوان پاشکۆی زەویەکانیان بوونو بە زۆرەملێ بێگاریان پێدەکرا، بۆ جەنگەکانیش بەکاردەهێنران بەبێ ڕەزامەندی خۆیان و یان دانانی هیچ کریەك بۆیان.[5] ئینجا کۆکەرەوانی باج خۆیان نەدەپاراست لە هیچ ناپاکی یان زەوتکردنێك بۆ ماڵەکان لە کاتی خەملاندنی باجەکانو کۆکردنەوەیان، باجەکانیش بە شێوەیەکی هەڕەمەکی دەسەپێنران بە تایبەت لەکاتی هەڵگیرسانی شەڕەکاندا.

١) کریستینس: ایران في عهد الساسانیین ٤٣٢.

٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو ٤٣٧.

٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو ٤٣٧

٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو ٤٣٧، ٤٦٩.

٥) کریستینس: ایران في عهد الساسانیین ٣٠٦.

حاڵەتی ئاینی و فیکری:

فارسەکان ئاینی راستیان نەبوو، ئەو ئاینانەش کە لە پێش ئیسلام هەبوون لە ناو ئەواندا بڵاونەبووەوە لە بازنەیەکی دیاریکراودا نەبێت، زۆربەشیان مەجووسی ئاگرپەرست بوون، هەر لە سەدەی سێ یەمی زاینییەوە دەوڵەت لەسەر ئاینی زەردەشتی بوو، رەوشتی پیاوانی ئاینیش بەجارێك تێکچوو بوو، بۆیە دەناسران بە پاشگەزبوونەوەو پەرۆشی و سەرقاڵبوون بە ماڵی دونیاوە، کیسرای دووەم هەوڵیدا تازەگەری بکات لەو ئاینەداو پەرستگاکانی ئاگر ببوژێنێتەوەو لێکدانەوەیەکی نوی بڵاوبکاتەوە بۆ کتێبی (ئاڤێستا)، سزای لادانی هەرکەسێك لەو کتێبە کوشتن بوو.[1]

بیروباوەڕی زەردەشتی لەسەر بوونی دوو خوا دامەزراوە لە بوونەوەردا، یەکێکیان خوای ڕووناکیەو (ئەهورامزدە) و ئەویتریشیان خوای تاریکیە (ئەهریمەن)، هەردووکیشیان کێبڕکێ دەکەن لەسەر دەستبەسەراگرتنی بوونەوەر، جا مرۆڤە چاکەکان لەگەڵ خوای چاکەدا دەبن و مرۆڤە خراپەکانیش لەگەڵ خوای خراپەدا دەبن.

زەردەشتیەکان ئاگر بە پیرۆز دادەنێن، پەرستگاکانی ئاگریش لە سەرتاسەری دەوڵەتدا دروستکرابوون، پیاوانی ئاینی بە (الموابذة) دەناسرێن، هەریەکێکیش لە ئەوان سەرکردایەتی کۆمەڵێك دەکەن (الهرابذة)یان پێدەوترێت، کە هەڵدەستن بە خزمەتکردنی ئاگری پەرستگا لەهەر لادێ و جێگایەك.

دیارە ئەم بیروباوەڕە بەتاڵانە توانای ئەوەیان نی یە ئارامی و ئاسودەی ببەخشنە مرۆڤ و نە ئامانجەکانیشیان جێبەجێ دەکەن لە یەکخواپەرستندا، نە بەها رەوشتیە جوانەکانی پێدەبەخشن و نە بنچینەکانی دادگەری کۆمەڵایەتی بەجێدەهێنن.

حاڵەتی کۆمەڵایەتی و رەوشتی:

ژیانی کۆمەڵایەتی لە ئێران لەسەر دوو کۆڵەکە پێکدەهات: نەژادو سامان، چینی خانەدانان دابڕابوون لە میللەت بە سنوورێکی قایم، چونکە "هەموو کەسێك پلەو پایەی دیاریکراوی خۆی

1) کریستینسن: ایران في عهد الساسانیین ٤٧٠- ٤٧١، ٤٧٢- ٤٧٣.

هەبوو لە کۆمەڵدا، لە بنچینەکانی سیاسەتی ساسانیش ئەوە بوو کە هیچ کەس تەماعی نەبێت بگاتە پلەیەك بەرزتر لەو پلەی تیایدا لەدایکبووە".[1]

خێزانیش لەسەر بنچینەی فرەژنی پێکدەهات، هەروەها ئەوەش بڵاوبوو لەناویاندا کە پیاو دەتوانێ دایكو خوشكو هەر ئافرەتێکی نزیکی خۆی مارە بکات (زواج المحارم)[2]، دۆخی ئافرەتیش لە دۆخی کۆیلە دەچوو، چونکە پیاو دەیتوانی واز لە خێزانەکەی بهێنێ بە بێ ڕەزامەندی خۆی بیبەخشێت بە مێردێکی تر، هەروەها نەریتێکی تر باو بوو لەو سەردەمە، کەسێك دەیتوانی منالێك بکات بە کوڕی خۆی.[3] ئینجا بەدڕەوشتی و بەرەڵلای بەجارێك تەشەنەی کردبوو لەو کۆمەڵگایە، بە تایبەت دوای بڵاوبونەوەی موزدەکی، کە موزدەك بانگەشەی بۆ دەکرد (لە ساڵی ٤٨٧ ز لە دایك بووە).

دەوڵەتی ڕۆم

(ئیمپڕاتۆریەتی بێزەنتی) ٣١٢- ١٤٥٣ ز

حاڵەتی سیاسیو ئابووری:

ئیمپڕاتۆریەتی بیزەنتی ڕۆمی دەگرتەوە لە ئاسیای بچووك (تورکیای ئێستا)، بڵاویش دەبوویەوە تا دەگەیشتە ئەو وڵاتانەی دەکەوتنە سەرحەوزی دەریای ناوەڕاستی ڕۆژهەڵاتو باشووری، بەم شێوەیەش چەندین ڕەگەزی لە خۆگرتبوو وەکو بەربەرو قیبتو عەرەبو بێجگە لە ڕۆمەکانیش، گونجاندنیش نەبوو لە نێوان ئەم پێکهاتانەدا لە رووی ڕەگەزو زمانو ڕۆشنبیریو دابونەریت، سەرەڕای ئەوەیش کە نەصرانیەت لەنێو ئەو گەلانەدا بڵاوبوو، بەڵام توانای ئەوەی نەبوو گونجاندن لە نێوانیاندا دروست بکات بە هۆی ناکۆکی ڕێچکەکانەوە کە بووە مایەی لاوازکردنی گیانی خۆشەویستی لە لای میللەت لە شامو میصر بەرانبەر بە ئیمپڕاتۆریەت.

ئینجا سیستمی حوکمڕانی پادشایەتیەکی ڕەها بوو، چونکە نەصرانیەت کۆمەڵگاو دەوڵەتی ریکنەدەخست، بەڵکو تەنها ڕۆڵی ئەوەی لە ئەستۆ دەگرت پەیوەندی نێوان خەڵکیو خوا

١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ٣٠٢.

٢) کریستینس: ایران في عهد الساسانيين ٣١٠- ٣١١.

٣) کریستینس: ایران في عهد الساسانيين ٣١٦- ٣١٨.

ڕێکبخات، دروشمیشی ئەوە بوو (دع ما لقيصر لقيصر وما لله لله) واتە: واز لەوە بێنە هی قەیصەرە با بۆ قەیصەر بێتو ئەوەیش بۆ خوایە با بۆ خوا بێت.

بیرۆکەی باویش کە کڵێسا پشتگیری لێدەکرد ئەوە بوو کە خوا هەڵساوە بە هەڵبژاردنی ئیمپڕاتۆریەت بۆ ئەم پلەوپایەیە، بۆیە ئەوە بووە مایەی ڕێزلێگرتن و بە پیرۆز زانینی هاوڵاتیان بۆی لە کاروباری سیاسەتو ئاینیدا، ڕێ و ڕەسمەکانیش لە سەرا بە بەشداریکردنی کڵێساو پیاوانی سەرا بەڕێوەدەچوو، ئەوکاتەش ئیمپڕاتۆر دەردەچوو هەموان کڕنووشیان بۆ دەبرد.[1]

سەرەڕای ئاینی مەسیحی، یاسای ڕۆمانی و شارستانی یۆنانی بتپەرستانە زاڵبوون بەسەر ژیاندا.[2]

ئیمپڕاتۆری بیزەنتی کە هاوچەرخ بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی ئیسلام، هیرەقل بوو (٦١٠ـ ٦٤١) ئەو بە مەزنترین ئیمپڕاتۆرەکان دەژمێردرێت لە مێژووی بیزەنتەدا، چونکە هەوڵیداوە بۆ نوێکردنەوەی ئیمپڕاتۆریەتو دووبارە ڕێکخستنی دەوڵەتو دروستکردنی سوپاو زۆرکردنی سەرچاوەی دارای لە ڕێگەی ڕێکخستنی باجەکانو شێوازی وەرگرتنیان، هەروەها ئەو توانی سەرکەوێتە سەر ئیمپڕاتۆریەتی ساسانی کە ئەوان لە ڕۆمەکان بەهێزتر بوون لە رووی سەربازیەوە،[3] قورئانی پیرۆزیش ئاماژەی کردووە بە سەرکەوتنی ڕۆمە نەصرانیەکان بەسەر فارسە ئاگرپەرستەکان، ئەڵبەتە موسڵمانان لە مەککە خۆشحاڵبوون بەو هەواڵە، هێرشەکانی هیرەقل بۆسەر فارسەکان لە نێوان ساڵانی (٦٢٢ـ ٦٢٨ز) بوو، واتە لە ساڵی دوانزەی پاش ڕەوانەکردنی پێغەمبەر ﷺ تاکو ساڵی پێنجی کۆچی.

سەبارەت بە حاڵەتی ئابووریش، سوو و قۆرخکردن بنچینەی سیستمی ئەو وڵاتە بوو،[4] هیرەقل باجی تازەی سەپاندبووە سەر خەڵکی دەڤەرەکان، کە ئەوان قەڵس بوون لە فەرمانڕەوای ڕۆمانی بە هۆی ناچاربوونیان بۆ قەرزبژاردنی شەڕەکانی لەگەڵ فارسەکان، ئەم ئیمپڕاتۆریەتە تووشی داڕوخانێکی ترسێنەر بوو لە ئاکامی بەرزکردنەوەی گومرکو باجەکاندا، هەروەها دواکەوتن لە بازگارنیو پشتگوێخستنی کشتوکاڵو کەمبوونەوەی ساختمان. بە مەبەستی روونکردنەوەی چۆنێتی

١) د. السيد الباز العريني: الدولة البيزنطية ٢٦.

٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو. ٢٧.

٣) د. السيد الباز العريني: الدولة البيزنطية ١١٦، ١٢٤، ١٢٤ـ ١٢٧، و جوزيف نسيم يوسف: تاريخ الدولة البيزنطية ١٠٥.

٤) ول ديورانت: قصة الحضارة ١٤: ١٧٧.

بەڕێوەبردنی ئیمپڕاتۆریەت بۆ ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتیدا بوون، ئەوەندە بەسە ئاماژە بکەین بۆ وتەی بەتلەر دەربارەی بەڕێوەبردن کە دەڵێت: "ڕۆمەکان سەرانەیان لەسەر کەسەکان وەردەگرت لە میصر، چەندین باجی جۆراوجۆری تریش" هەروەها دەڵێت: "بێگومان باجی ڕۆمەکان لە توانای خەڵکەکەدا نەبوو، بەشێوەیەکی دادگەرانەش لە خەڵکی وەرنەدەگیرا". هەروەها دەڵێت: "فەرمانڕەوایەتی ڕۆمی میصر، تەنها یەك ئامانجی هەبوو، ئەویش ئەوەبوو خەڵکی بڕوتێنێتەوە وەك دەستکەوتێك بۆ فەرمانڕەواکان".[1] تەنانەت خودی ڕۆمەکان تووشی قورسی باجەکان دەبوون بە تایبەت جوتیارەکان کە زۆری باجەکان ناچاری دەکردن زەویەکانیان بفرۆشنو کۆچ بکەن بۆ شارەکان.[2]

باری ئاینیو فیکری:

سەرەڕای ئەوەی کە ئیمپڕاتۆریەتی بیزەنتی لەسەر ئاینی نەصرانی بوو، بەڵام ئەو ڕێنمایانەی عیسا (علیه السلام) پی ڕەوانەکرابوو وەکو خۆی نەمابوونەوە، بەڵکو ڕێوڕەسمەکانی کڵێسا بڕێکی زۆری لە بیرکردنەوەی فەیلەسوفە بتپەرستەکان لەخۆگرتبوو، هەروەها کڵێسا خۆی پڕچەك کردبوو بە هەمان سۆنگەو ئامڕازە عەقلیەکانی لە روونکردنەوەی بیروباوەڕی مەسیحیدا".[3]

پوختەی قسان ئەوەیە کە مەسیحیەتی ڕاستەقینە پاك و بێگەردی خۆی لە دەستدا بوو بە بۆنەی ئەو ڕێوڕەسمە بتپەرستیانەی کە پۆڵص لەسەری پەروەردە بوو و لەگەڵ خۆیشی هێنایە نێو ئاینی مەسیحیەوە، ئەوکاتەیش ئیمپڕاتۆری بیزەنتە قوستەنتین ئاوێتەیەکی لە ئەفسانەی یۆنانی، بتپەرستی، ڕۆمانی، ئەفلاتونی، میصریو ڕەهبانی، بەم شێوەیەش ئاین تێکدراو ڕێنمایە پەسەندەکانی لە نێوچوو، لە هەمان کاتدا لێژبوونەوە بۆ پەرستنی کەسە پیرۆزەکان و وێنەو بتەکان.[4]

ناکۆکی ڕێچکەیش دروست بوو لە نێوان دانیشتوانی ئیمپڕاتۆریەتدا سەبارەت بە لێکدانەوەی سروشتی مەسیح (علیه السلام)، دەوڵەت لە سەر ڕێبازی (الملكانية) بوو کە پی وایە مەسیح دوو

---

١) بتلر: فتح العرب لمصر ٤٧.

٢) ول ديورانت: قصة الحضارة ١٤: ١٧٤.

٣) الباز العريني: الدولة البيزنطية ٢٧.

٤) أبوالحسن الندوي: ماذا خسر العالم بانحطاط المسلمين ٤٢. ول ديورانت: قصة الحضارة ١٤: ١٥٤ـ ١٥٥.

سروشتی هەیە: یەکێکیان وەکو خوایەو ئەویتر وەکو مرۆڤ، ئەمە لە کاتێکدا کە ڕێبازی (اليعاقبة) و (المنفوستية) لە وڵاتی شام و میصر تەشەنەی کردبوو، ئەم ڕێبازە پی وایە تەنها سروشتی خوای هەیە، ئەم ناکۆکیانە بوونە مایەی کەرتو پەرت بوونێکی توند لە نێوان دەوڵەتو میللەتدا، هیرەقل هەوڵی دەدا ڕێبازی ئیمپڕاتۆریەت یەکبخات، کۆڕێکی ئاینیشی بۆ ئەو مەبەستە دامەزراند، بەوە کۆتای پێهات خۆتێهەڵقورتان قەدەغە بکرێت دەربارەی سروشتی مەسیح، تەنها ئەوە بووترێت کە خوا یەك ویستی هەیە.[1]

بەڵام میصریەکان هەڵسان بە بەرگریکردن، بۆیە دووچاری چەوسانەوە بوون بە ئەشکەنجەدانو سوتاندنو بەم شێوەش هەوڵەکانی یەکخستنی ئاینی هەرەسی هێناو یەعاقیبەو مەنۆفیێسییەکان لایەنگیریان کەمیکرد لە شام بۆ ئیمپڕاتۆریەتی بیزەنتی.

ئەم ناکۆکی ڕێچکەیە ئەوە ڕووندەکاتەوە تا چەند لێژبوونەوەی ئەندێشەیو لاوازی بیروباوەڕ کاریکردبوو لە گەلانی ئیمپڕاتۆریەت تا گەیشتە ئەوەی عیسا کە بەندەی خوایەو پێغەمبەرێتی، کرا بە خوا.

ئینجا چینەکانی کۆمەڵگای بیزەنتی هەموویان بیروباوەڕیان هەبوو بە ئەستێرەناسی و جادووگەری و پێشبینی کردنی پاشەڕۆژو پەیوەندی کردن بە دێوو هەڵواسینی نوشتەو جادوو.[2]

باری کۆمەڵایەتی و ڕەوشتی:

دابونەریتەکانی کۆمەڵگای یۆنانی و ڕۆمانی گوێزرانەوە بۆ دەوڵەتی بیزەنتی، بۆیە هیچ سەیر نەبوو مەسەلەی بڵاوبونەوەی بەدرەوشتیو هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵایەتی ڕوویدات لەناو سەراو ڕیزەکانی گەلدا.

ئیمپڕاتۆر و سەرکردەکانی سوپاو گەورەپیاوانی کلێسە لە سەرووی پەیژەی کۆمەڵایەتیەوە دەژیان، لە کاتێکدا هەزاران کۆیلە لە کێڵگە گەورەکاندا تاڵیان دەچەشتو گیرۆدەی بەدخۆراکیو نزمبوونەوەی ئاستی بژێوی دەبوونەوە، نزیك لە ئاستی ئەوانەش کەسانێك بوون ئازادەکانیان پێدەوترا، ئەو کەسانە لە پیشەسازی کاریان دەکرد، ئەم چینە هەژارانە هەستیان دەکرد بە خراپی گوزەرانی خۆیانو زۆر جاران هەوڵیشیان دەدا شۆڕش بکەن، بەڵام سەرکەوتوو نەدەبوون تیایدا،

---

١) أرنولد يوينبي: تاريخ البشرية ٢: ٥٩ـ ٦١.

٢) ديورانت: قصة الحضارة ١٤: ١٧٠.

خاوەن ئیشەکانیش کە ئەوانیان بەکاردەهێنا چینێکی ناوەڕاستیان پێکدەهێنا بە ژمارەیەکی گەورە.[1]

بەم شێوەیەش چینایەتی و دەرەبەگی و نەمانی دادگەری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای بیزەنتی بە مۆری خۆی دیاریکردبوو، جگە لەوانەش توندوتیژی و دەمارگیریو ئەفسانە ژیانی کەسەکانی مۆرکردبوو، هەموو ئەوانەش تەنها بە هۆی لاوازی بڕوای ڕاستەقینە بوو بە خواو پێغەمبەرەکەی، هەروەها زاڵبوونی ڕواڵەتو دیمەنی ژیانی خەڵەتێنەر لەسەر ژیانی ئاینی لە ئیمپڕاتۆریەتدا.[2]

ئاگاداری:

سەرەڕای دیاردەکانی لاوازی و خراپەکاری لە هەردوو ئیمپڕاتۆریەتی ساسانیو بیزەنتی لە کاتی سەرهەڵدانی ئیسلامو دروستبوونی بزووتنەوەی فتوحاتی ئیسلامی، بەڵام بەهەڵەدا دەچین ئەگەر زیادەڕەوی بکەین لە باسکردنی لاوازیاندا، چونکە ئەوان توانیان سوپاگەلێکی بێ شومار ئامادەبکەن بەرانبەر پێشکەوتنی موسڵمانان، سوپاکانی ئەوان لە ڕووی ژمارەو کەرەستەوە لە سوپای موسڵمانان چاکتر بوون، بەڵام بە بڕوای ڕاستەقینەو گیانی جیهادکردن لە پێناوی خوادا و باوەڕ بە سەرخستنی خوای گەورە بۆ موسڵمانان، هەموو ئەو هۆکارانە جەنگی لە بەرژەوەندی موسڵماناندا کۆتای پێهێنا، سەرەڕای ئەوەی کە ئەو جەنگە دژ بە هێزێکی ڕێکخراوو سوپاگەلێکی کارامەو قەڵاگەلێکی قایمو نەتەوە گەلێکی دێرین بوو.

هیندستان و چین و ژاپۆن

ئاینی بودای تەشەنەی کردبوو لە چین، ئیتر پەیکەری گڵێنەو شوشەی کە ئاماژەیان دەکرد بۆ خزمەتکارو ئەسپو جوانی لەگەڵ مردووەکاندا لە گۆڕەکانیاندا دەنێژران، دواتر ئەم خووە گۆڕا بۆ سەربڕینی کۆیلەو ئەسپەکان بە زیندوویو ناشتنیان لەگەڵ پادشاو سەرۆکەکان بە مەبەستی خزمەتکردنیان بۆ ئەوان لەپاش مردنیان،[3] جا پەیکەرەکانی بودا (٥٦٣ـ ٤٨٣ پ ـ ز) لە هیندستانیش هەر بڵاوەی کردبوو.

١) هەمان سەرچاوەی پێشوو ١٤: ١٧٣ـ ١٧٥.

٢) ديورانت: قصة الحضارة ١٤: ١٨٧ـ ١٨٨.

٣) ولز: موجز تاريخ الانسانية ٣: ٧٧٣.

ئاینی بودا جەخت دەکاتەوە لەسەر هەندێ واتا دەربارەی هەتاهەتای ژیان لە خولاوێکی کۆتای پێنەهاتوودا لە یەکبەدوای یەکهاتنی گیانەکاندا، ژیانێکی لێواو لێو لە ئازار کە دەکرێت مرۆڤ خۆی لێقوتار بکات لە رێگەی خۆ رۆشنبیرکردنو گەیشتن بە رووناکیەك کە مرۆڤ بەرز دەکاتەوە تا گەیشتن بە قۆناغی (رەفانا) واتە: یەکبوون لەگەڵ خودی خوادا، یان بە ئاوێتە بوونی خودی مرۆڤ بە شێوەیەکی شادمان لەگەڵ بوونەوەردا.[١]

هەموو کردارێکی خراپیش لە ئەم ژیانە لە دوای گەڕانەوەی گیان بۆ لاشەیەکی تازە دەبێت، ئازاریش بۆ ئارەزوو، بۆیە بنچینەی دانای ئەوەیە کە ئارەزوو و لەزەتەکان سەرکوت بکرێنەوە بە گشتی، بودا هەڵسا بە قەدەغەکردنی کوشتنی هەمووگیان لەبەرێك و دزیو درۆو بێهۆشکەرو پیسی، گرنگیشی نەدا بە هیچ رێورەسمێكو باسی خواو رۆژی دوایشی نەکردووە، چونکە ئەو تەنها باوەڕی بەو شتە بوو کە هەستی پێدەکرێت، ئەگەرچی بودا جەخت دەکاتەوە لەسەرخۆ نکۆڵیکردنو چاکە بۆ خەڵکی، هەروەها ئەو هێرشی نەکردووەتەوە سەر چینە باوەکان لە هیندستان بە شێوەیەکی راشکاو، لە کاتێکدا ئەو خەڵکی بە یەکسان دەزانێت، نکوڵیشی کردووە لە قوربانیکردنو خەڵك بانگکردن بۆ خواردنو نوشتەو پاڕانەوە، بەڵام پەرستنی ئەو خودایانەی قەدەغەکرد کە هیندیەکان دەیانپەرستو لەناویاندا باوبوو، هەروەها بانگەشەی دەکرد بۆ گەیشتن بە بەختەوەری لە رێگەی (نیوفانا) بە هەر حەوت بناغەکەیەوە کە بریتیە لە: زاڵبوون بە سەرخۆدا، گەڕان بە دوای راستیدا، چالاکی، هێمنی، شادی، دامەزراندنو هیممەت بەرزی.[٢]

لە وڵاتی هیندستان ئاینی بەرهەمی بەربەرەکانی ئاینی بودای دەکات،[٣] ئەو کۆریانەش کە کۆچیان کرد بۆ ژاپۆن ئاینی بودایان لەوێ بڵاوکردەوە،[٤] ژاپۆنیەکان پێش بودا خوایەکی تریان دەپەرست ناوی کامی بوو، ئەوەیش بریتی بوو لە پەرستنی دیاردە سروشتیەکان وەکو خۆرو باوباپیرە ئەفسانەیەکان کە ئەوانیش بە پی بیروباوەڕیان دیاردەی سروشتینو ئاینەکەشیان بە (شینتۆ)

١) ادوين رايشاور: اليابانيون ٦٨.

٢) ديورانت: قصة الحضارة ٣: ٦٤، ٧٥، ٧٧، ٧٨، ٨١، ٨٢، ٨٤، ٨٥.

٣) ولز: موجز تاريخ الانسانية ٣: ٧٧٩.

٤) توينبی: تاريخ البشرية ٢: ٧٦ـ ٧٧.

دەناسرا، واتە: ڕێگای خوداکان[1] لە کاتی سەرهەڵدانی ئیسلامیشدا ئاینی بودا سەرکەوتبووە سەر شینتۆدا.[2]

ئینجا ئاینی بودای لە سەیلان، مەلایۆ، تیبت، تورکستان، بۆرما، سیام، کەمبۆدیا و کوریا بڵاوبوویەوە، جگە لە چین، هیندستانو ژاپۆنیش.[3] بەڵام سەبارەت بە هیندستان زیاتر بەرهەمی زاڵبوو تیایدا، لە ئەنجامی بەربەرەکانی لەگەڵ بودایدا، بەرهەمی دامەزراوە لەسەر سیستمی چینایەتیو سەرگەورەی بەرهەمیەکانو بە پیرۆززانینی مانگاو یەکبەدوای یەکدا هاتنی گیانەکان، ژمارەی خوداکانی هیندۆسیەکان گەیشتە سی ملیۆن خودا، کە گۆڕستانی مەزنەکانی پێ جەنجاڵ بوو.[4]

لە ڕاستیدا ئەو خودایانە بە شێوەیەك باسکراوە کە ڕەچاوی سنوورە ئاکاریەکانی تیادا نەکراوە، بە درێژای سەدەکانیش پارێزگاریان کردووە لە هەندێ شێوەپەرستن وەکو بە قوربانیکردنی کەسانێك لە مرۆڤەکانو سووتاندنی بێوەژن لە کاتی مردنی پیاوەکەیدا، هەروەها بەرهەمی وایدەرخستووە کە ژیان خراپیەکە ڕێگەچارە نی یە بۆ خۆ لێ قوتار کردنی، کاریشی کردووە بۆ دابەزاندنی ورەی شوێنکەوتووانیو بڵاوکردنەوەی دڵتەنگی لە دەروونیاندا، بەڵکو دیاردەکانی دونیا بە خەیاڵ دەزانێت، بەم شێوەیەش جیاوازیەکانی ئازادیو کۆیلایەتی، چاکەو خراپە، چاکسازیو خراپەکاری، هەموو لەناوبرد[5] لە پاش ئەم نمایشە گشتگیرە دەردەکەوێت کە سەرانسەری مرۆڤایەتی لایاندا بوو لە یەکخواپەرستیو نەفامیش بوون بە چۆنیەتی پەرستنی، هاتنی ئیسلامیش بەزەیو لێبوردنێکی گەورە بوو بۆ ئەو جیهانە، چونکە ئیسلام بیروباوەڕە پوچەڵەکانی ڕاستکردەوە لە ڕێگەی پێناسەکردنی پەروەردگارو ناوو سیفەتەکانی، هەروەها لایەنەکانی تری بیروباوەڕ بە شیکراوەیو ئاشکراکردنی ویستی خوا لە بەندەکانی بە باسکردنی حوکمەکانی حەڵاڵو حەرامو ئاکارەکان بە تێروتەسەل، بەم شێوەیەش ڕێگە خۆشکرا بۆ مرۆڤ بۆ گەیشتن بە خوای تاكو بێ هاوتاو پەرستنی بەو شێوازەی ڕوونکراوەتەوە لە قورئانو سوننەتداو جێبەجێکردنی پێڕەوو بەرنامە گشتگیریەکەی لە ژیانی مرۆڤایەتیدا.

---

١) أدوين رايشاور: اليابانيون ٦١.

٢) هەمان سەرچاوە ٦٣.

٣) ديورانت: قصة الحضارة ٣: ٢٠٠، ٢٠٧.

٤) هەمان سەرچاوە.

٥) هەمان سەرچاوەی پێشوو.

باسی دووەم:

بانگەوازی ئیسلامی و بنەما فیکریەکانی

گوتاری ئیسلامی ئاراستەکراوە بۆ سەراپای خەڵکی بە هەموو جێگەو سەردەمێکیانەوە، بە هەموو رەگەزو نەتەوەو رەنگێکیانەوە (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ).[1] (وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا كَافَّةً لِّلنَّاسِ بَشِيراً وَنَذِيراً وَلَكِنَّ أَكْثَرَ النَّاسِ لَا يَعْلَمُونَ).[2] ئەم گشتگیریە لە گوتاردا بۆ مرۆڤایەتی وایدەخواست کە پێغەمبەر ﷺ هەڵستێت بە بانگەوازکردنی خەڵکی بۆ هاتنە ناو ئاینی ئیسلام (قُلْ هَذِهِ سَبِيلِي أَدْعُو إِلَى اللّهِ عَلَى بَصِيرَةٍ أَنَاْ وَمَنِ اتَّبَعَنِي)[3]، هەموو سەردەمەکانی ئیسلامیش پڕ بووە لە چالاکی بانگەواز لە باردۆخەکانی جەنگو ئاشتیدا بەشێوەیەك کە کاریگەری گەورەی هەبووە لە زۆرکردنی ژمارەی موسڵمانانو فراوانکردنی رووبەری ئاینی ئیسلام. پاڵنەری یەکەمیش بۆ ئەو بانگەوازە بەدەستهێنانی رەزامەندی خواو لێخۆشبوونی بوو، لە فەرموودەدا هاتووە: "لان یهدالله بك رجلاً واحداً خیر لك من حمر النعم".[4] واتە: ئەگەر خوای گەورە یەك کەس لەسەر دەستت رێنموونی بکات، لە هەموو ماڵی دونیا بۆ تۆ چاکترە.

بابەتی بانگەوازیش ئیسلامە بە گشتگیری بیروباوەڕو شەریعەتو ئاکار، یان بە وتەیەکی هاوچەرخ بریتیە لە هەموو لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی فیکری، کۆمەڵایەتی، ئابووریو سیاسی، بەڵام تەوەری سەرەکی یەکتاپەرستی پەتیە بۆ خوای مەزن، کە ئەو پەروەردگارە و بەدیهێنەرو رۆزیدەرو بەخشندەیە، هەروەها ئادەمیزادی دروستکردووە بۆ هێنانەدی بەندایەتی (وَمَا خَلَقْتُ الْجِنَّ وَالْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ).[5] لەم دونیایەشدا تاقی دەکرێنەوەو بە گوێڕایەڵیان و پاداشتی کردارەکانیان وەردەگرنەوە لە دوارۆژدا، ئەوجا ئیمانداران دەچنە بەهەشتو بێباوەڕانیش دەچنە دۆزەخ (زَعَمَ الَّذِينَ كَفَرُوا أَن لَّن يُبْعَثُوا قُلْ بَلَى وَرَبِّي لَتُبْعَثُنَّ ثُمَّ لَتُنَبَّؤُنَّ بِمَا عَمِلْتُمْ وَذَلِكَ عَلَى اللَّهِ يَسِيرٌ).[6] (سَابِقُوا إِلَى مَغْفِرَةٍ مِّن رَّبِّكُمْ وَجَنَّةٍ عَرْضُهَا كَعَرْضِ السَّمَاء وَالْأَرْضِ أُعِدَّتْ لِلَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ ذَلِكَ فَضْلُ

---

١) (الأنبیاء : ١٠٧).

٢) (سبأ : ٢٨).

٣) (یوسف : ١٠٨)

٤) البخاري: الصحیح ٤: ٥٨، ومسلم: الصحیح ، كتاب فضائل الصحابة باب ٤ رقم ٣٤ واللفظ له.

٥) (الذاریات: ٥٦).

٦) (التغابن: ٧).

اللَّهِ يُؤْتِيهِ مَن يَشَاءُ وَاللَّهُ ذُو الْفَضْلِ الْعَظِيمِ).[1] (وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُوْلَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ خَالِدِينَ فِيهَا وَبِئْسَ الْمَصِيرُ).[2]

له راستیدا هاتنه ناوەی ئیسلام دەستپێدەكات به وتنی: (أشهد أن لا إله الا الله وان محمداً رسول الله). بەوەیش مرۆڤ دڵسۆزی خۆی دەردەبڕێت له پەرستنی خوای تاكو تەنیاداو وابەستەبوون به پێڕەویكردنی حوكمەكانی ئیسلام كه موحەممەد ﷺ پی رەوانه كراوە، بەمشێوەیەش مرۆڤ دەچێته قۆناغی هۆشیاری ئاینیەوە، هۆشیاری به ئامانجی مەزن له بوونەوەر، هۆشیاری به پێویستی بەرزبوونەوەی ئاینیو دونیای، هەروەها به هۆكارەكانی ئەو بەرزبوونەوەیە له هەستكردن به واتاكانی باوەڕ و تێگەیشتن و بیركردنەوەو یادی خواو سوپاسكردنی و پەرستنه جۆراوجۆرەكان وەكو نوێژو رۆژوو بۆ پتەوكردنی پەیوەندی به خواوە (نوێژ هۆكاری بەرزبوونەوەی بڕوادارە)، هەروەها پشتگیریكردنی ڕاستیو دادگەریو چاكەو جوانیو فەرمان به چاكەو نەهی له خراپە، ئینجا له خۆدا نواندنی بەها ئیسلامیەكان له ژیانیدا بۆ ئەوەی ببێته نموونەی "مرۆڤی چاكەكار" هەروەها له بەخشندەی بۆ دەوروبەر له رێگەی "كاری چاكە" مرۆڤ له خوا نزیك دەكاتەوە.

بازنەی كاری چاكەیش زۆر فراوانە، ئامانجی ئەوەیە مرۆڤ بەرزكاتەوە له ژیانی ئاینیو دونیایداو پاڵپشتی بەهاكانی راستیو چاكەو جوانی له زەوی بكات.. ئەوانەش واتاگەلێكی گەورەن بەئاسان به دینایەن، ئەگەریش له نەوەیەكدا بەدیهاتن دەستەبەرێك نی یه بۆ بەدیهاتنیان له نەوەی داهاتوودا، چونكه بەرزبوونەوە و داكەوتن هەمیشه دووباره دەبنەوە له مێژووی ئادەمیزاددا، زیندووكردنەوەی ئاینو سوننەتەكانو پتەوكردنی بناغەكانی باوەڕ پەیوەستن به بانگەوازی ئیسلامیەوەو تا چەند بانگهێشتەكان ئاگاداری ناوەڕۆكی ئیسلامو گشتگیریو تواناکیان لەسەر بەدیهێنانی ئەو رێنمایانه له خۆیاندا، ئینجا قەناعەت پێكردنی كەسەكانی تر.

قورئان یەكەمین كتێبه به زمانی عەرەبی كه هۆشی مرۆڤی جوڵاند پێش چوارده سەدە، هەروەها بیرو هۆشی كردەوە بەرانبەر به شوێنی خۆی له ژیانداو پێناسەی مافو ئەركەكانی كردووە كه تێگەیشتنی كۆمەڵایەتیو تێڕوانینی مرۆڤایەتی قووڵدەكاتەوە، پێغەمبەری خوایش ﷺ هەموو ئەم واتایانەی به فەرموودەكانیو ژیاننامەی خۆی روونكردۆتەوە، ئینجا لەبەر ئەوەی پێغەمبەر

١) (الحدید: ٢١).
٢) (التغابن: ١٠).

ﷺ قورئانی لە خۆیدا بەدی هێنا بە وریایو قوڵیەکی تایبەتەوە، هەروەها کارتێکردنی زۆری لەسەر نەوەی خۆی بە تایبەت، لەبەر هەموو ئەو واتایانە سۆمای قورئانی وەرگەڕا بۆ راستیەکی مرۆڤایەتی هەست پێکراو، چونکە هاریکاری کرد لە پەیامی خوا، بەروبومێکی مەزنیشی بەخشی بە تێگەیشتنی گشتی مرۆڤ، کاتێك ئیسلام بڵاوبوویەوە لەکاتو جێگادا.

ئامانجی بانگەوازی ئیسلامی کە کردنەوەی زوخاوو خواردنی مرۆڤە لە ژیاندا، کە دەکرێت بە بەردەوامی کەمبکرێتەوە لە ژێر سایەی پەیامی خوایدا، ئەمە لە کاتێکدا کە زیاتر هۆشمەندی لەوانەیە ببێتە مایەی چەوسانەوە لە حاڵەتی نەبوونی ئیماندا، چونکە نارەحەتی ژیان لە زیادبووندایە، لە کاتی لە دەستدانی واتا، تەنها ئاینیش دەتوانێت ئەو واتایە ببەخشێت.

یەکێکی تر لە مەبەستەکانی بانگەوازی ئیسلامی، رزگارکردنی مرۆڤە لە خەیاڵو ئەفسانەو شتی پڕوپووچو جادوو، کە کەسانێکی سوودگەر پێ هەڵدەستنو دەڵێن کە گوایە ئەوان پەیوەندی نێوان خواو خەڵکن، جاری واش هەیە مرۆڤ خۆی سۆنگە پەیدا دەکات لە بەردو درەختو ئادەمیزاد، گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەنو داوایان ئاراستە دەکەن، بۆیە بانگەوازی ئیسلامی جاری کێشا، کە ئەوە هاوتا بۆ خاو بڕیاردانێکی پەتی یە و روو لێنەر نی یە لە نێوان خواو مرۆڤدا، لەو فەرموودەیشدا هاتووە: "اتق دعوة المظلوم فانه ليس بينه وبين الله حجاب".[1] واتە: وریای نزای ستەم لێکراو بە، چونکە لە نێوان ئەوو خوادا پەرژین نی یە، ئەوەیش بێگومان دەبێتە مایەی ئاگاداربوونی کەسی ئیماندار لە ئاکامی ستەمو بنچینەیەکیش فەراهەم دەکات بۆ دادگەری سیاسیو کۆمەڵایەتی.

هەروەها بانگەوازی ئیسلامی تەرازوویەکی وردی هەیە بۆ مافو ئەرکەکان بە پێ شەریعەت، کە بە هیچ شێوەیەك نابێت نە زیادەڕەوی و نە کەمتەرخەمی تیادا بکرێت، چونکە ئەوە خەڵاتێکی خوایە بۆ مرۆڤایەتی، جێبەجێکردنی ئەو رێنمایانەش وای دەخواست جیهادو بەخشین ئەنجام بدرێت هەر لە سەرەتای دابەزینی پەیامی خوا، تاکو جێگیربوونی دەوڵەتی ئیسلام، چونکە ئەگەر بزووتنەوەی جیهادی نەبوایە، بتپەرستیو مۆرکی نەفامی بۆ ژیان لە نێو نەدەبرا، واتاکانی بیروباوەڕ و بەها ئیسلامیە کۆمەڵایەتیو ناوەرۆکە رەوشتیەکانیشی لە دڵی ملیۆنەها کەسدا جێگیر نەدەبوو.

---

١) البخاري: الصحيح ٧: ١٦٨، ومسلم: الصحيح ٤: ١٧٤٠.

لەلایەکی تریشەوە بانگەوازی ئیسلامی بە پەرۆش بوو بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگای یەکسانیو هێز (لَقَدْ أَرْسَلْنَا رُسُلَنَا بِالْبَيِّنَاتِ وَأَنزَلْنَا مَعَهُمُ الْكِتَابَ وَالْمِيزَانَ لِيَقُومَ النَّاسُ بِالْقِسْطِ وَأَنزَلْنَا الْحَدِيدَ فِيهِ بَأْسٌ شَدِيدٌ وَمَنَافِعُ لِلنَّاسِ وَلِيَعْلَمَ اللَّهُ مَن يَنصُرُهُ وَرُسُلَهُ بِالْغَيْبِ إِنَّ اللَّهَ قَوِيٌّ عَزِيزٌ).[1] ئەوەیش بناغە پێویستەکان ئاشکرا دەکات بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگایەکی بەهێزی ئامادەباش لەسەر دادگەری و هێز، چونکە قورئان و تەرازوو بۆ ڕاگرتنی دادگەریە، ئاسنیش بۆ پەیداکردنی هێزێك پارێزگاری بکات لە دادگەریو بەردەوامی بۆ دەستبەر بکات.

دادگەری گشتگیریش موسڵمانانو ئەهلی زیمەو بێباوەڕیش دەگرێتەوە، دەوڵەمەندو هەژارو بەهێزو بێهێزو پیاوو ژن دەگرێتەوە، چونکە مافی هەموان دیاری دەکرێت بە پی پێوەرەکانی دادگەری بەبێ قۆرخ کردن، یان قۆستنەوەو خۆپەسەندی یان ستەم (إِنَّ اللَّهَ يَأْمُرُ بِالْعَدْلِ وَالإِحْسَانِ).[2]

بانگەوازی ئیسلامی لە بنەمای یەکسانی نێوان ئادەمیزادەکان دەردەپەڕێت، بێ هیچ بایەخدانێك بە سامانو خانەدانیو ڕەنگو ڕەگو ریشە "الناس بنو آدم وآدم من تراب".[3] واتە: خەڵکی ئادەمیزادنو ئادەمیش لە گڵە، ئەمەیش هاوتای هەلەکان دەخوازێت بەرانبەر خەڵکی، هەروەها پابەندبوون بە دادگەری ڕەها لە نێوانیانداو ڕووخاندنی سیستمە چینایەتیەکان، چونکە هیچ بواریك نی یە بۆ خۆبەزلزانینو لەخۆبای بوون بەسەر خەڵکیدا "المسلمون تتكافأ دماؤهم ويسعى بذمتهم ادناهم".[4] واتە: خوێنی موسڵمانان هاوتایە.

ئەم فەرموودەیەش بەدەمهاتنەوەی نەتەوە جیاجیاکان ڕووندەکاتەوە بۆ لای بانگەوازی ئیسلامی و پۆل پۆل موسڵمان بوونیان، لەوانەیە لەبەر هەموو ئەمانەش بێت فەیلەسوفی ئەڵمانی هیگڵ دەڵێت: بنەمای ئیسلامی ـ یان گیانی ڕووناکی لە جیهانی ڕۆژهەڵاتدا ـ یەکەمین بنەما بوو بە ڕووی بەربەریەتدا بوەستێ".[5]

---

١) (الحديد : ٢٥).

٢) (النحل : ٩٠).

٣) الترمذي: الجامع حديث رقم ٣٩٥٦، وأحمد: المسند ٢: ٣٦١.

٤) أبوداود: السنن، حديث رقم ٢٧٥١.

٥) هيجل: محاضرات في فلسفة التاريخ ٢٥٠.

هەروەها بانگەوازی ئیسلامی راوێژکردن بە بنچینەی سیستمی سیاسیو کۆمەڵایەتی دەزانێت لە روانگەی فەرموودەی خوای گەورە (وَأَمْرُهُمْ شُورَى بَيْنَهُمْ).[1] (وَشَاوِرْهُمْ فِي الأَمْرِ).[2] عومەریش (رەزای خوای لێبێت) روونی کردۆتەوە کە فەرمانڕەوای تایبەتە بە ئوممەتەوە، هەرکەسێکیش ئەوەی لێوەرگرتووە زۆردارە.[3]

بانگەوازی ئیسلامی هاوکێشەی دروست دەکات لە نێوان داواکاریە ئاینیەکانیان و دونیایەکان، گەشبینانەش دەڕوانێتە ئاوەدانکردنی سەر زەویو جوانیەکانی ژیانو خۆشیەکانی، داوا لە ئادەمیزادەکان ناکات لێنەبڕێنو بێهیوابنو دووربن لە بەرهەمهێنانی تواناکانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان (قُلْ مَنْ حَرَّمَ زِينَةَ اللَّهِ الَّتِي أَخْرَجَ لِعِبَادِهِ وَالْطَّيِّبَاتِ مِنَ الرِّزْقِ).[4] (وَابْتَغِ فِيمَا آتَاكَ اللَّهُ الدَّارَ الْآخِرَةَ وَلَا تَنسَ نَصِيبَكَ مِنَ الدُّنْيَا وَأَحْسِن كَمَا أَحْسَنَ اللَّهُ إِلَيْكَ).[5] گرنگ ئەوەیە ئەو ئاوەدانکردنو بەرهەمهێنانە لە بازنەی هەست پێکراودا بێت، بێ ستەمو لادان لە فیترەتو بەگەڕخستنی تواناو هێزەکان بەرەو خراپەو وێرانکاریو زۆرداری..

ئیسلام لە بانگەوازەکەیدا بۆ ئاوەدانکردنەوە شوێنکەوتووەکانی لەسەر کارامەی پەروەردە دەکات، بە زاراوەی ئەم سەردەمەش مەبەست لە کارامەی تەکنەلۆژیایە، ئینجا (الاحسان) پلەو پایەیەکی هەرە بەرزە لە سەرووی ئیسلامو ئیمانەوە، کە تیایدا تواناکانی مرۆڤ دەکەونە کار، لەسەر جیهانی نادیاریش دەکرێنەوە بە شیوەیەکی چڕ لە خواپەرستنو چاودێریو یەقین "الاحسان أن تعبدالله كأنك تراه فان لم تكن تراه فانه يراك".[6] واتە: ئیحسان ئەوەیە خواپەرستیت وەکو ئەوەی کە بیبینی، ئەگەر تۆ ئەو نابینی ئەوا ئەو تۆ دەبینێ.

ئەم بانگەوازە شارستانیەکی شۆخو شەنگی هێنایە بەرهەم، لەسەردەمە زێڕینەکانی ئیسلام بوارەکانی فیکر، زانست، کشتوکاڵو پیشەسازی گرتەوە.

---

١)(الشورى : ٣٨)

٢) (آل عمران : ١٥٩).

٣) يعقوب بن سفيان: المعرفة والتاريخ ١: ٣٥١ باسناد صحيح.

٤) (الأعراف : ٣٢)

٥) (القصص : ٧٧)

٦) البخاري: الصحيح ١: ١٨.

یەکێك لە مەبەستەکانی ئەو بانگەوازەیش پاراستنی جۆری مرۆڤ و بەردەوامیبوونی بوو، لە ڕێگەی فەرمانکردن بە ژنهێنانو شووکردنو بەهێزکردنی خێزانو قەدەغەکردنی خۆکوژیو خەڵك کوشتن (مَن قَتَلَ نَفْساً بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعاً وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعاً).[١] ئاسایشی تاکیشی کردووەتە بناغەی بەدیهێنانی ئاسایشی کۆمەڵ.

ئینجا بانگەوازی ئیسلامی دەرگای گەڕانەوەی بۆ لای خوا والاّ کردووە بۆ سەرانسەری مرۆڤەکان، با تاوانیشیان هەرچەند زۆر بێت، بەبێ هیچ پێویستیەك بە دانپێدانان لە بەردەم هیچ ڕوولێنەرێکدا (قُلْ يَا عِبَادِيَ الَّذِينَ أَسْرَفُوا عَلَى أَنفُسِهِمْ لَا تَقْنَطُوا مِن رَّحْمَةِ اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ يَغْفِرُ الذُّنُوبَ جَمِيعاً إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ).[٢] بەم شێوەیەش جەخت کرایەوە لەسەر بەها چاکەکان کە دەوەستن دژی بێئومێدی و گاڵتەوگەپو هەستکردن بە مەینەتی ژیان، هەروەها هەڵدەستێت بە لابردنی ئەو دیمەنە تاریکانەی دەبنە مایەی دروستبوونی دڵتەنگیو ڕاڕای وەکو ڕەشبینی (الطیرة) و ترسان لە داهاتوو. هاوەڵێك پرسی لە پێغەمبەر ﷺ کەسانێك هەن لە ئێمە ڕەشبینن، ئەویش وەڵامی دایەوە: "ذاك شئ يجدونه في صدورهم فلا يصدنهم".[٣] ئەوە شتانێکە لەلای خۆیانەوە هەستی پێدەکەن، با بەرگریان نەکات لە راستیدا دیمەنە گەشبین و هێما ڕووناکو واتا چاکەکان ژیانو کۆبوونەوەی مرۆڤەکان جواندەکەنەوە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی ئاشتیو خۆشەویستیو بایەخدان بە جوانی رواڵەتو پاکوخاوێنیو بۆنخۆشی.

ئینجا بانگەوزای ئیسلامی جەخت دەکاتەوە لەسەر هاوبەرپەرسیارێتیو هاوکاری لە نێوان خەڵکدا، لە جێبەجێکردنی سەردانی خزمانەوە تا دەگاتە کۆمەڵگاو هاندانی بەخشندەی و لەخۆبووردنو پاراستنی مافی دراوسێ، هەروەها کاتێك کە خەڵکی دەست لە پارەکانیان هەڵدەگرن کە خۆشیاندەوێت لە ژێر دروشمی (الصدقة برهان)،[٤] واتە: صەدەقە کردن بەڵگەیە، واتە بەڵگەیەکی سەلمێنەرە لە چەشتنی شیرینی ئیمان.

١) (المائدة: ٣٢)

٢) (الزمر: ٥٣)

٣) مسلم: الصحيح ١: ٣٨٢ حديث رقم ٥٣٧، وأبوداود: السنن ١: ٢٤٤ـ ٢٤٥.

٤) مسلم: الصحيح ١: ٣٠٣.

لە هەمان کاتدا بانگەوازی ئیسلامی جاڕیدا بۆ پاراستنی دارای کەسێتی، هانی ئەوەشی دا کە ماڵەکان هەمیشە دەستاو دەستیان پێبکرێت بۆ بەرهەمهێنان، بە فیڕۆبردنی سامانیشی قەدەغەکرد، تەنانەت لە لایەن خاوەنەکەیەوە بەکارهێنانی لێ قەدەغە (حجر) دەکات ئەگەر کەسێکی گەوج و گەمژە بێت، ئاکامی پارە بە فیڕۆدان نەزانێت، هەروەها سوو و قۆرخکردنیشی قەودەغە کرد، بۆ ئەوەی ماڵو سامان قەتیس نەبێت لەلای کەسێکی کەم (كَيْ لَا يَكُونَ دُولَةً بَيْنَ الْأَغْنِيَاءِ مِنكُمْ)[1].

ئینجا لە ڕاستیدا باوەڕبوون بە قەزاو قەدەر هانی دروستبوونی گیانی جەربەزەیو جیهادو زانستو بازرگانی دروست بێتو پاڵنەریشە بۆ بەخشینو فیدارکاری بۆ دروستکردنی نەتەوەو بوونی شارستانی.

هەروەها بانگەوازی ئیسلامی گرنگیدا بە زانست وەکو پێویستیەك لەسەر هەموو موسڵمانێكو بەڵێنی پاداشتی گەورەشی داوە لەسەر فێربوونی، وشەی (علم) لە (٤٢٦) جێگە لە قورئاندا هاتووە، پلەوپایەی زانایانیشی بەرزکردۆتەوەو تا گەیاندوونی بە میراتگری پێغەمبەران،[2] هەروەها هەندێ بەهای ڕۆشنبیری بەرقەرار کرد کە پێشکەوتنی زانستی دەستەبەر دەکات، چونکە زانست مافی هەموانەو تەنها نەبەستراوە بە دەستەیەکی دیاریکراوەوە، بێگومان ئەوەش دەبێتە مایەی بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری سەرانسەری میللەت، ئینجا زانست پێویستە جووت بێت لەگەڵ کردارو ڕەفتاردا، بەڵگەشە لەسەر یارمەتی خوا بۆ مرۆڤ "من یرد الله به خیراً یفقه في الدین". بۆ تێگەیشتنی ئاینیش پێویستە ئەو کەسە لە ژیانو تێڕوانینی ڕووداوەکانو کێشەکانی بکات بە پی واتاکانی ئیسلام کە هەمو لایەنەکانی ژیانی ڕێکخستووە، بۆیە هیچ سەیر نی یە ئەگەر موسڵمان بەرچاو ڕوونی هەبێت بەرانبەر بوارەکانی کۆمەڵایەتیو ئابووریو هەستو چەشتنو بەهاکانی جوانی بەشێوەیەکی فراوانترو قووڵترو گشتگیرتر هەرکاتێك بەرچاو ڕوونی لە ئاینەکەیدا زیاد بکات.

ئینجا زانست بەرپرسیاریەکی ئاینی لێدەکەوێتەوە، چونکە زانا لە ڕۆژی دوایدا پرسیاری لێدەکرێت دەربارەی هەڵوێستی زانستی "لاتزول قدما عبد یوم القیامة حتی یسأل عن أربع خصال.. وعن

١) (الحشر: ٧)

٢) ابوداود: السنن ٣: ٣١٧، والترمذي: الجامع ٥: ٤٩، وابن ماجة: السنن ١: ٨١.

عمله ماذا عمل فيه".[1] واتە: یەکەم جار لە ڕۆژی قیامەتدا دەربارەی چوار خەسڵەت پرسیار لە مرۆڤ دەکرێت.. هەروەها دەربارەی زانستەکەی چۆن کاری پێکردووە. زانایانیش بەرپرسیارن لە بڵاوکردنەوەی زانستەکەی و نەشاردنەوەی: "من سئل عن علم فكتمه ألجمه الله بلجام من نار يوم القيامة".[2]

زانست دەریایەکی بێ قەراغە، هەرگیز لە توانای کەسیشدا نی یە بە ڕەهای لی بگات، بۆیە پێویستە ئەو کەسە بەردەوام بێت لە فێربوونی بەبێ دابڕان، ئەم بەها ڕۆشنبیریانە بوون بە مایەی دروستبوونی بزووتنەوەیەکی فیکری بریقەدار، چونکە "فێربوونی بەردەوام" و "کەڵەکەبوونی زانست"و "کۆکردنەوەی زانست"و لێکۆڵینەوی بە شێوەیەکی بەردەوام، دیارترین تایبەتمەندیەکانی بزووتنەوەی فیکریە لە سەردەمانی زێڕینی ئیسلامی.

بانگەوازی ئیسلامیش ڕاگیرکراوە لەسەر واتای ئەوەی کە بیروهۆش‌و ئازادی بیرکردەنەوەی بناغەی داوا لێکردنە، داوای لە پێڕەوانیشی کردووە خەریکی گەڕانی سەربەست بن بە دوای بەڵگەو سەلماندندا، نکۆڵیشی لە لاسای کردنەوەی خەڵکانی تر کردووە، بۆیە لە ئیسلامدا شتێك سەری هەڵنەدا بەناوی کەهەنووت کە بانگەشەی ئەوە بکەن تەنهاو تەنها ئەوان لە ئیسلام تێگەیشتوون‌و مافی لێکدانەوەی دەقەکانیان هەیە، وەکو ڕوویدا لە مێژووی ئاینەکانی ڕابوردوودا، بەڵکو لە توانای هەموو موسڵمانێکدا هەیە بگەڕێتەوە بۆ قورئان‌و سوننەت‌و کارامە بێت لە زانستەکانیاندا و دواتر سوودیان لێوەربگرێت، مشتومڕیش بکات لەگەڵ کەسەکاندا لە ڕاستی بەڵگەو شێوازی بەڵگەهێنانەوە.

لە ڕاستیدا تێڕوانین لە بنچینە فیکریەکانی بانگەوازی ئیسلامی، هەندێ بنەمای سەرەکی دەردەخات وەکو بەدیهینانی بەندایەتی بۆ خواو شکۆمەندی‌و سەربەستی‌و زانست‌و دادگەری‌و یەکسانی‌و ڕاوێژ بۆ مرۆڤەکان‌و گوتاری ئیسلامی لە هەموو کات‌و ساتێکدا ئاڕاستەی ئەوە کراوە.

---

1) أبو داود: السنن ٣: ٣٢٣، وابن ماجة: السنن ١: ٩٣.

2) أبو داود: السنن ٣: ٣٢١، والترمذي: الجامع ٥: ٢٩.